بەهۆی بە خزمەتی و لازبوونی سیستەمی کارەبا هاوەاتیانی گوندی گەپتەپەی شەهید گردبوونەوە

بەهۆی کەمبوونەوەی کاتژمێر و لاوازی کارەبای نیشتیمانی، هاوەاتیانی گوندی گەپتەپەی شەهید لە سنووری شارەدێی ئاخجەلەری سەر بە قەزای چەمچەماڵ گردبوونەوە و ڕێگای سەرکی گەپتەپە - ئاخجەلەریان داخستووە.

هاوەاتیانی ئەو گوندەیە بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە، کە بەهۆی بە خزمەتی و کەمکردنی کاتژمێرکانی کارەبا لە ڕێژەکدا و کەمکردنەوەی ڤۆلتی کارەبا کە بووەتە هۆی سووتانی ئامێرە کارەبایییەکانی ماڵەوە گردبوونەوە.

لە گردبوونەوەکەدا هاوەاتییانی ناڕازی داوایان لە حکومەتی ماوە بە درێژکراوەی هەرێم کرد چارەسەری کێشەی کارەبای نیشتمانی سنوورەکەیان بکات.